Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz,
OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.31 01:00:05 +01'00'

# با پاڵپشتی حیزبەکانمان بین

**ئەنوەر قادر رەشید**

ئێمەی کورد خوای تەبارەکو تەعالا وا سەری لێ شێواندووین ، وەک چۆن ئەم دنیامان لەکیس چووە، ئەو دنیاشمان دەخەینە مەترسیەوە. ئێمەی رەعیەت تا ئێستاش نازانین ئەرکی سەرشانمان چییە و دەبێ چۆن ملکەچی سەرکردەکانمان بین و، ئەوەندە نەبینە کۆسپ و تەگەرە لە رێی گەیشتنیان بە ئاواتەکانیان. ئێمەی کە ناونراوین گەل تا ئێستاش نازانین کە مەڕومالآتین و لێپرسراوانی حیزبەکانیشمان شوانمانن، ئەگەر بە گوێیان نەکەین، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەبینە خۆراکی گورگ.

ئێمەی کورتبین بووینەتە کۆسپ لە رێی حیزبەکانماندا (خوا بیانپارێزێ)، کە نەخشە و پلانی درێژخایەن و دووربینیان لە رادە بەدەر زیرەکانەیە و لە چوارچێوەی لەخۆبوردن و قوربانیدا خۆیان مەڵاس داوە.

ئێوە هەروا سەیرکەن، بۆمەسەلەی نزار خەزرەجی کردمان بەچ هەرایەک، خەریک بوو ریسەکەیان بکەینەوە بە خوری، بێ ئەوەی بیرێک بکەینەوە کە ئەو کابرایە نهێنی زۆری لایە و بەدرکاندنی، متمانەمان بە سەرکردایەتیەکانمان(خوا بۆ ئێمەیان بهێڵێ) لەق دەبێ. بەراستی سەرکردایەتی حیزبەکانمان سەبری ئەیووبیان هەیە، ئەگینا کێ تەحەمولی ئەم میللەتە دەکات، کە لەهەموو شتێکدا هاڵدەدەنێ و خۆیان کردووە بە کەڵەگا بەسەر حیزب و سەرکردەکانیانەوە.

ئێمەی (گەل) کە بووینەتە مایەی نیگەرانی بۆ حیزبەکانمان و لە جیاتی ئەوەی پاڵپشتیان بین، دەبینە کۆسپ و تەگەرە لە رێیاندا و، لە ئەنجامیشدا زیانێکی گەورە بە نەتەوەکەمان دەگەیەنین. چونکە ئێمە قەپی زەبەلاح دەگرین و تەنیا ئێستاکە دەبینین و بیر لە سبەی ناکەینەوە، بەڵام سەرکردە بلیمەتەکانمان زۆر لەوە دوورتر دەبینن و، خوای مەزن (دووربین)ی لە چاویاندا داناوە.

سەرکردە هەر خۆی دەزانێ چی دەکاو، لەکاتی پێویستدا چۆن بڕیاری زیرەکانەی خۆی دەدات، هەر بۆ نموونە سەیری گرتنی سەرۆکی فەرماندە(سەگدەم) بکەن چۆن دوژمنی چەواشە کرد و خۆیدا بەدەستەوە بێ ئەوەی چەک بەکار بهێنێ، چونکە ئەو چەکی بۆ رۆژی رەش داناوەو، وەک سەرکردەیەکی لێهاتوو لەتەنگانەدا نەبێ چەک بەکار ناهێنێ و، هەر لەبەر ئەوەشە کە، پیاوەکانی ئێستاش هەر هاواریانە (بالروح بالدم نفدیک یا سەگدەم). چونکە دەزانن سەرۆکەکەیان چەند جوامێر و بە سەلیقەیە.

پێویستە ئێمەش وەک ئەوان سەرنەوی بکەین بۆ سەرکردەکانمان، نەک بە ئاشکرا بوونی چەند فایلێکی تێکۆشەران، کە زۆر بەرێکەوت کەوتوونەتە بەر دەستی خەڵکی و، لە دیدی تەسک و بیری ئاڵۆزمانەوە بیکەینە هەڵا (هەر چەندە خۆشبەختانە بەشێکی زۆر کەم کەوتوونەتە بەر دەست و، بەدڵنیاییەوە زوربەی زۆریان ساتار و پاتار کراون).

دەڵێن گوایە ئەمانە (خوانەخواستە) سیخوریان بۆ ساواکی کۆن و ئیطلاعاتی نوێ و میتی تورکی و مخابەراتی هەردوو دۆستە دێرینەکەی کورد (بەعسی عێراقی و سووری) و .....هتد کردووە. ئێمە وایان دەبینین، راستە ئەگەر سەرزارەکی سەیری مەسەلەکە بکەین و رووکەش بکەینە پێوەر وا دەخوێنرێتەوە، بەڵام راستیەکان زۆر لەوە قووڵترن کە ئێمەی ناسیاسی و دوودڵ ولەگوماندا نوقوم لێی تێ بگەین.

هەر بۆ نموونە ئێمەی بەستەزمان وامان دەزانی دوو حیزبە زەبەلاحەکەی لەمەر خۆمان (خوا بیانپارێزێ بۆ کامەرانی ئێمە) ناکۆک و دوژمنی یەکترن، بەڵام دەرکەوت لەدەزگا موخابەراتیەکاندا وەک برا، هاودەنگ هاورەنگ و تەبا بوون و، لەپێناوی کورد و کوردستاندا راپۆرتیان بۆ یەک دەزگا، یان چەند دەزگایەکی هاوجۆر نووسیوە و دوژمنانیان ناچار کردووە متمانەیان پێ بکەن. ئەمە تەنیا

لایەنێکی مەسەلەکەیە، لەلایەکی ترەوە هەمووما‌ن دەزانین کە دەزگا مخابەراتیەکان ملیارەها دۆلار سەرف دەکەن بۆ مەشقکردنی پیاوەکانیان لە دەوڵەتەکانی دەستووری مرۆڤایەتی و هەڵگرانی دروشمی مافی مرۆڤ، بەڵام کوڕە تێکۆشەرەکانی خۆمان نەک تەنیا بە خۆڕایی بەڵکو پارەشیان وەرگرتووە و پەرەیان بە ئەزموونی مخابەراتیان داوە. لێرەدا باسی پارە هاتە پێشەوە و رەنگە هەندێ کەس وا بزانن لێپرسراوانی ئەو حیزبانە (خوانەخواستە) دزن، بۆیە بەهەر چوارپەل سەما دەکەن و پارە کۆدەکەنەوە و لە هەموو پرۆژەیەکی گەورەو بچووکدا شەریکن. دیسانەوە هەڵە تێگەیشتووین و بە پێچەوانەوە لێکی دەدەینەوە، چونکە ئەوان چاک دەزانن هۆی هەموو بەڵایەک پارەیە، بۆیە زۆر لەخۆبوردوانە ئەو بەلایە لای خۆیان کۆدەکەنەوە تەنیا بەخۆیانی رەوا دەبینن و گەلەکەمان لەو چڵکە دەپارێزن نەک بمانخاتە داوی خۆیەوە، ئەی گوایە نازانن پارە چڵکی دەستە؟؟.

هەیە دەڵێن ئالای کوردستانیان فەرامۆش کردووە و لە جێی ئەوە هەر یەکەیان رەنگی پەڕۆکیان کردووە بە رەمزی خەباتەیان (ببوورن مەبەستم <خەبات> ە نەک خەباتە) . ئەمەشیان درۆیەکی هەڵبەستراوی ترە، ئەمان ئالاکەیان وەک برا بەش کردووە، نەک خوانەخواستە دوژمن زەفەریان پێ بەرێ و ئالاکەمانی تیا بچێ، ئەوان بەبیری فراوانی خۆیان دابەشیان کردووەو هەر لایەنە و تەنیا بەشەکەی خۆی دەپارێزێ.

نالێم ئێمە هەڵەشەو بەپەلەین؟

هەندێک دەڵێن پێشمەرگەی دڵسۆزیان بەکوشت داوە، گوایە خۆیان کارێکیان پێ سپاردوون و هەر خۆشیان راپۆرتیان لەسەر نووسیوون و بەکوشتیان داون. ئەگەر ئێمە کەمێک دووربین بین و واقیعیانە بیر بکەینەوە، دەبینین ئەو پلان و نەخشە درێژخایەنە، گورزێکی کوشندەیە لەدوژمن دەدرێ بێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکا. ئەمان (خوا بە کەڵەگایی بیانپارێزێ) لەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی بەکوشتیان داون و دەدەن، من تەنیا لێرەدا ئەوەندەی باس دەکەم کە ئەقڵم پێی دەشکێ و رەنگە زۆر هۆکاری تریش هەبن کە ئەقڵی تەسکی من درکی پێ نەکردبێ:

1– ئەو لاوانە چونکە بێتاوان کوژراون و دەکوژرێن ، جێیان بەهەشتە.

2– کەمێک لە قەرەباڵغی شارەکان کەم دەبێتەوە(بەو نیازەی گۆڕستانەکانمان هەر مەزن و مەزنتر بن، تا لەدوارۆژدا بۆ پەرەپێدانی گەشت و گوزار کەڵکی لێ وەربگیرێ). ئێمەش بە خاوەنی گەورەترین گۆڕستان ناوزەند بکرێین.

3– پیروپەککەوتەی جەرگ سوتاوی بە ئەزموون زیاد دەبن و، ئەوانیش ئەوەندە ناسۆرو سەختی دەچێژن ، خوای تەبارەک و تەعالا لە دنیای فانی دەیانخاتە ژێر تەجروبە و لەو دنیا جێیان لای رۆڵەکانیان هەر بەهەشتی بەرین دەبێ.

4– دوژمنانمان کە ناچاریان دەکەن ئەو رۆڵە نەبەردانە بکوژن، جێیان دۆزەخە و، بەهەشت بەچاوی خۆیان نابینن.

5– لە بەهەشتدا کۆمارێکی کوردی بێ هاوتا دادەمەزرێنن، کە دوژمنانی دۆزەخ بۆیان نییە سەری پیادا بکەن.

نالێم ئێمە کەم چیکلانەو هەڵەشەین؟.. نالێم لەنەخشەی دوورخایەنی سەرکردەکانمان تێ ناگەین؟..بۆیە بەپێویستی دەزانم بڵێم: نابێ سەرکردەکانمان (خوانەکردە) سووک بکەین و نەخشە و پلانەکانیان هەڵوەشێنینەوە.

هاوڵاتی نیشتمان پەروەر ئەو کەسەیە، سەرنەوی سەرکردەبێ. ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە خۆمانیان تەسلیم بکەین و چیتر بەگومانەوە سەیری قوربانیدان و خەباتیان نەکەین. خۆ ئەگەر هات و یەکێکمان کەوتینە بەرلێشاوی لێپرسینەوەو ئەشکەنجەدان لە لایەن تێکۆشەرانی نەتەوەکەمانەوە، ئەوە دەبێ وەک هاوڵاتیەکی پەرۆشی نەتەوەکەمان بەوپەڕی شادمانیەوە قوبووڵی بکەین، چونکە دەیانەوێ ئەزموونی

مخابەراتی خۆیان تاقی بکەنەوەو پەرەی پێ بدەن، ئەی ئەگەر لەئێمەیدا تاقی نەکەنەوە چی بکەن؟ قابیلە توانای خۆیان بۆ دوژمن ئاشکرا بکەن؟.. ئەگەر ئێمە نەبین چۆن دەتوانن ئامێری تۆقاندن و کەرەسەی چاوترسێن بخەنە گەڕ لەپێناوی خۆشبەختی ئێمە و، بۆ دواڕۆژی روونی نەتەوەکەمان؟

ئەڵمانیا